www.kurdistannet.org
6-2-2007 23:43 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ شێرکۆ بێکەس ... [سروودی کوردستان] ... ناسر تەها سلێمان

ئەی خەڵکی رەشوو رووتی نیشتیمان
موژدەبێ لێتان سروودی کوردستان
بیکەن بەسۆپا بۆ قوتابیانی ناو چەترەکان
بیکەن بەکسك بۆ خاوێنکردنی جادەو کۆڵانەکان
بیکەن بەقیروزفت بۆ شەقامەجەرگ کون کونەکان
بیکەن بەئامێری پزیشکی بۆ نەخۆشخانەدزراوەکان
بیکەن بەگەرەکی فیرعەون ئاوا بۆ ئاوارەکان
بیکەن بەچراکەی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ تاریکایی ناو ماڵەکان
بیکەن بەرەوشت و یاسا بۆ رێگرتن لەماڵەتەجاوزەکان
بیکەن بەمرەکەب بۆ فریودانی ملیونەها پەنچەبۆ دەنگدان
بیکەن بەفیشەگ تەقەی پێکەن لەخۆپێشاندەران
بیکەن بەپاسەوان بۆ رێگرتن لەتریاکو دەرمانەئێکسپایەرەکان
بیکەن بەدەزگای چاودێر لەدائیرەفاسیدەکان
بیکەن بەدادگاو لێپرسینەوەلەبەعسی و فایلدارەکان
بیکەن بەکەرامەت بۆ دایکەرۆڵەئەنفالکراوەکان
بیکەن بەوەحی بیلێنەوەبۆ خانەقینی وشنگارو کەرکو کیەکان
لەپاشان بیکەن بەپێڵاو بۆ ئاوارەپێخاوسەکان.

ئەلبۆرگ / دانمارك
6 / 2 / 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.